# چەند سەرنجێك دەربارەی

# كۆنگرەی تەوافوقی عێراقی لە قاهیرە

سامان ئەحمەد
25،11،2005

## هۆكار و ئامانجەكانی كۆنگرەی تەوافوقی عێراقی

سەرەنجام دەروازە بۆ ناسیۆنالیومی عەرەبیش كرایەوە كە بە شێوەیەكی ئاشكرا و بە ڕەسمی دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە ئەوزاعی سیاسی ئەمڕۆی عێراقدا بكات. كۆنگرەی تەوافوقی عێراقی لە لایەن جامعەی عەرەبیەوە لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر لە ١١/١٩ دا لەناوەرۆكدا بە مانای گێڕانەوەی نەخش و ڕۆڵی سیاسی بزووتنەوەی عروبەیە لە ناوچەكەدا بە گشتی و لە عێراقدا بە تایبەتی ، گێڕانەوەی جێو ڕێ یەكی باڵاتر و لەبارترە بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب لە دەسەلاتی سیاسی عێراقدا.

ئەم ڕەوەندە و ئەم كۆنگرەیە كە ناسیۆنالیزمی عەرەب ( بە قایل بوونی ئەمریكا و مەجلیسی ئەمن و ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان ) بەڕێوەی دەبات ئاكامی ڕەوەندی ڕوو لە خواری ئەمریكایە لە عێراق و ناوچەكە و بێ وەلامی و بێ توانایی حكومەتی تائیفی تاڵەبانی و جەعفەریە بە كێشە هەنووكەییەكانی كۆمەلگای عێراق و توندبوونەوەی هەرچی زیاتری شەڕی تیرۆریستی یە لە عێراقدا. ئەم هەلومەرجە ئەمریكا و سەرجەم باڵەكانی حكومەتی كاتی بەوە گەیاندووە دەست بۆ پشتوێنی ناسیۆنالیزمی عەرەب بەرن و لەو زەلكاوە ڕزگاریان بكات بەو نیازەی باڵی توند و ئەنتی ئەمریكایی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە سەنگەری تیرۆریزمی ئیسلامی القاعدە دوور بخەنەوە و لە دەسەلات و حكومەتەكەیاندل شەریكیان بكەن.

ئەمڕۆ سەرانی ئەحزابی دەسەلاتداری عێراق بە ئاشكرا دان بەوەدا دەنێن كە: بەو ڕاستی یە گەیشتوون كە ناتوانن ئارامی و جێگیری سیاسی بۆ عێراق بگێڕنەوە بە بێ شەریك كردنی هەموو پێكهاتەكانی عێراق لە دەسەلاتدا.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە كە دەیانەوێ ئەم بێ ئاسۆیی و ناچاریەی تێی كەوتوون بۆ دانوستان لەگەڵ هێزەكانی بەناو ( مقاومە)ی ناسیۆنالیزمی عەرەب بە پەردەی دیموكراسی و فرەیی گوێگرتن لە یەكتری داپۆشن، لە كاتێكا ئەوەی پێیان كرابێت بە ئاگر و ئاسن و كوشتن و گرتن لەبەرامبەریاندا كردوویانە بە تایبەتی دوای ئاشكرابوونی ئازار و ئەشكەنجە و لەناوبردنی زیندانیەكانی ئەم دوایی یەی وەزارەتی ناوخۆ.

هەرچەندە جەعفەری لەو كۆنگرەیەدا هەلۆیستێكی توندی هەبوو لەبەراورد بە هەلۆیستی تاڵەبانی سەبارەت بە دانووستان لەگەڵ هێزەكانی بەناو ( مقاومە) بەلام خودی بەشداربوونی ئەوان لە كۆنگرەیەكی ئاوادا و پەنابردنیان بۆ چارەسەرێكی عەرەبی و ئیمزاكردنی بەیاننامەی كۆتایی كۆنگرەكە نیشانەی پاشەكشەی سیاسی ئەوانە لە پاوەندكردنی دەسەلاتدا.

گرنگترین لەو مەسەلانەی كە زەمینەی سیاسی خۆش دەكات بۆ شەرعیەت دان و گێڕانەوەی نەخشی ناسیۆنالیزمی عەرەب بەتایبەتی لەعێراقدا مەسەلەی ( ئیحتیلال ـ مقاومە ) و ( چوونە دەرەوەی هێزەكانی ئەمریكا )یە. هەردوو ئەم مەسەلەیە لەدەستوری كۆنگرەكەدا بوو لە بەیاننامەی كۆتایی كۆنگرەكەشدا هاتووە.

داننانی كۆنگرە بە( مقاومە دژی ئیحتیلال ) بەو مەرجەی نەبنە شەریك و بەشێك لە تیرۆریزمی ئیسلامی و ڕێگای سیاسی بگرنە بەر و ماف و بەشی خۆیان لە دەسەلاتدا هەبێت. هەروەها باسكردن و قبوڵكردنی تەرحی ( دانانی خشتەیەكی كاتی بۆ چوونە دەرەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق ) بەوەی بخرێتە دەستوری كۆنگرەی ئایندەی بەغداوە دوو دەستكەوتی سیاسی گرنگی ناسیۆنالیزمی عەرەبە لە ناوچەكە و عێراقدا.

بەو پێ یەی كە تەوافوق و دابەشكردنی دەسەلات لە نێوان ئەم هێزانەدا لەسەر بنەمای قەومی و مەزهەبی و تائیفی یە، ئەم پرۆسەیەش كە بە ناوی دیموكراسی و گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش بەڕێوە دەچێ ئەگەر بە سەركەوتنیش بگات هاوكات لە دەروونی خۆیدا كێشمە كێش و ململانێی كۆنەپەرستانەی قەومی و مەزهەبی (عەرەب و كورد ) و ( سوننە و شیعە ) قوڵتر دەكاتەوە و ئەم پرۆسەیە دەرگا بە ڕووی بزووتنەوەیەكی فاشیستی و كۆنەپەرستانەی وەكو ناسیۆنالیزمی عەرەبدا دەكاتەوە كە مێژوویەكی ڕەش و درندانەی لە مێژوی یاسی عێراقدا تۆمار كردووە ، ئەمڕۆ لەم پرۆسەیەدا لە تەوازونێكی هێزی تردا بەرەو شانۆی سیاسی عێراق دەگەڕێتەوە و بۆ دیاریكردنی دەسەلات و ئایندەی سیاسی لەعێراقدا.

## كۆنگرەی قاهیرەو ناسیۆنالیزمی كورد

یەكێتی و پارتی لەم پرۆسەیەدا تا ئێستا سیاسەتێكی دوولایەنەی لە خۆیان نیشان داوە. لەلایەكەوە تاڵەبانی ئەوپەڕی نەرمی و مرونەتی بۆ دانوستان نیشانداوە. لە لایەكی تریشەوە مەسعود بارزانی لە جیاتی خۆی بە نامەیەك بە شداری كۆبوونەوەكەی كرد و بە كردەوەش لە گەرمەی ئامادەسازی كۆنگرەكەدا لە سەردانێكدا خەریكی سوپاسگوزاری لەشكری ئەمریكا و بەریتانیاو پیاهەڵدان بوو بە شان و باڵی بۆش و بلێردا لە پەنا دەستی ئەوانەوە خۆی خۆی نیشان دەدا. كۆنگرەكەش خوێندنەوەی نامەكەی ڕەت كردەوە، وەفدەكەی پارتیان زویر كرد.

ئەم سیاسەت و هەڵوێستەی یەکێتی و پارتی بە هەر دەلیلێك بێت سیاسەت و هەڵوێستێکی کۆنەپەرستانەیە و پێچەوانەی خواست و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە. چونکە هەرکام لەو دوو ڕێگایەی ئەوان خۆیان پیادا هەڵواسیوە هەرچی زیاتر ڕق و کین و کێشمەکێشی قەومی قوڵتر دەکاتەوە و چارەنووسی خەڵکی کوردستان ئاڵۆزتر دەکات.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە سەبارەت بە سیاسەتی چەوتی یەکێتی و پارتی ئەوەیە کە ئەوان ئامادەن خۆیان بکەن بەهەر کون و قوژبنێکی کۆنەپەرستی و فاشیستی و ئیمپریالیستی ( سیستانی ، عمرو موسی، بۆش...) لە عێراق و ناوچەکە و جیهاندا و بۆ لایان بگەڕێنەوە، تەنها بۆ ڕای خەڵکی کوردستان نەبێ و ئامادەنین گوێیان لێ بگرن و خۆاست و دەنگ و بڕیاریان بە ڕەسمی بناسن.

حیکمەتی ئەم سیاسەتەی یەکێتی و پارتی لەوەدایە کە ئەم هەموو پەلە قاژەیە بە قەولی خۆیان بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوت و مافانەی کورد دەکەن کە لە دەستوردا بەدیهاتووە، بەڵام بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕا و بڕیاری خەڵکی کوردستان خۆی.

تێگەیشتن و ناسینی ئەم حیکمەتەی ئەوان کارێکی ئاسانە بەڵام ئەوان بەردەوام لەخەڵکی کوردستانی دەشارنەوە کە ئەو بەشی دەسەڵات و کورسی و سەرمایەیەی ئەوان چنگیان کەوتووە لە دەستوردا بەماف و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان دەقەبڵێنن. دەنا ئەوان لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەو دەستکەوتانەی ئەوان نی یە و خوازیاری جیابوونەوەیە لە عێراقی ئیسلامی و پڕ تیرۆر و شەڕ و کێشەی قەومی. خەڵکی کوردستان خوازیاری وڵاتێکی سەربەخۆی ئارام مۆدرێنە.، بەڵام ئەوان ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان دەخنکێنن .